له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# هەندێك له بیدعه و هەڵەکانی جومعه

ئامادەکردنی

إدريس محمود

پێداچوونەوەی

مامۆستا عدنان بارام

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یه و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وه سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیه.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەكی وەرگێڕ :

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل الله فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله .

أما بعد : فإن أصدق الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار.

**وەكو ئاشكرایە وریاكردنەوەی موسڵمانان لە بیدعە و تازە داهێنراوەكان ، ئەركی سەرشانی ئەو كەسانەیە كە شارەزان لە دیندا ، ئەركێكە لێپرسینەوەی دواڕۆژی لە سەرە ، ئەگەر بە باشی بە جێت هێنابێت پاداشت دەدرێیتەوە ، بە پێچەوانەشەوە ، ئەگەر كەمتەرخەمیت تێدا كردبێت ، ئەوا شایستەی سزای خوایی دەبیت .**

**خوێنەری خۆشەویست : ئەم نامیلكەیەی لەبەر دەستتدایە ، لە دوو بەش پێكهاتووە :**

**بەشی یەكەم : بریتیە لەو بیدعانەی كە لە جومعەدا دەكرێن** (بدع الجمعة) **و زانای پایەبەرز** (محمد ناصر الدين الألباني) **كۆی كردوونەتەوە ، و**

**بەشێکە لە کتێبی** (الأجوبة النافعة عن أسئلة لجنة مسجد الجامعة) ، **بەڵام هەندێك لەو بیدعانەی شێخ ئەلبانی باسی کردوون لەکوردستاندا نین ، بۆیە ئێمە تەنها ئەوانەمان وەرگێڕاوە کە لەکوردستاندا بوونیان هەیە** (والله أعلم).

**بەشی دووەم : بریتیە لەو هەڵانەی کە لە جومعەدا دەکرێن ، لە کتێبی** (تحذير الفضلاء مما يقع من المصلين من الأخطاء - شيخ مشهور) ، **وەرمان گرتووە و بەشێکی زۆرمان لێ وەرگێڕاوە.**

**لەخوای گەورە داواکارین ئەم نامیلکەیە بکاتە هۆکارێك بۆ نەمانی ئەو بیدعە و هەڵانەی کە لە جومعەدا دەکرێن** .. آمين .

وصلى الله على نبينا محمد

وعلى آله وصحبه وسلم

## كورتە باسێك سەبارەت بە بیدعە (*)

### بیدعە چیە ؟

(البدعة) : لەزمانی عەرەبیدا بە شتێك دەگوترێت بێتە بوونەوە، كە لەوەو پێش نەبوبێ ، زیاتریش بۆ (ذم) – كەم كردنەوەی ڕێز – بەكار دەهێنرێت .

### بیدعە لە ڕووە شەرعیەكەیەوە :

بە هەموو ئەو ڕێگا و شێوازانەی عیبادەت دەگوترێت كە داهێنراوبن ، و لە ئەصلی شەرعدا نەبن ، و لە قورئان و سوننەتدا ئاماژەیان بۆ نەكرابێت ، و هیچ بەڵگەیەكی ڕاست و دروستی شەرعی لەسەر نەبێت ، و مەبەست پێی نزیك بوونەوە لە پەروەردگار و دەست كەوتنی خێر بێت.

(*) ئەم بابەتە مامۆستا (عدنان بارام) نوسیویەتی ، و لە گۆڤاری (ڕێگای ڕاست) دا بڵاوی كردووەتەوە ، ئێمەش بە ئیزنی جەنابی هەڵساوین بە كورتكردنەوە ، و دەستكاریكردنی ، و لەم نامیلكەیەدا بڵاومان كردووەتەوە .

بەپێی ئەم پێناسەیە : هەر داهێنراوێك مەبەست پێی عیبادەت و نزیك بوونەوە لە پەروەردگار نەبێت ، وەك داهێنراوە دوونیاییەكان ، ناكەونە ژێر ئەم بەخراپ زانین و حەرامیەتەوە .

موسڵمانی بەڕێز ، بزانە لە بنچینەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام كە ئیمان بەبیٚ ئەو دانامەزرێت باوەڕبوونی تەواوەتی یە بەوەی كە ئەم دینە پەروەردگارمان بەبیٚ كەم و كورتی دایڕشتوە و پێغەمبەرییش ﷺ هەربەو تەواوەتیە بە موسڵمانانی ڕاگەیاندووە، و هیچی لیٚ زیاد و كەم نەكردووە ، و بە ئاشكرا بانگەوازی بۆ كردووە. ئەركی سەرشانی موسڵمانیش گوێڕایەڵی و پەیڕەوی كردنە – السمع و الطاعة – و هیچی تر نا !

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا ﴾ .

واتە: ئەمڕۆ– لە حجة الوداع– دینەكەتانم بۆ كامڵ كرد بەڕوونكردنەوەی دین بۆتان بە تەواوی و سەرخستنتان بەسەر هاوەڵ بڕیاردەرەكاندا ، هەروەها تەواو نیعمەتی خۆمم بەسەردا ڕشتن و ڕازی بووم بە ئیسلام كە ئاینتان بیٚ .

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " إني قدتركتكم على مثل البيضاء ليلها كنهارها لا يزيغ عنها بعدى إلا هالك "(١).

**واتە: بەڕاستی و بێ گومان من لەسەر ڕۆشناییەك ئێوەم جێ هێشتووە، شەوی وەك ڕۆژی وەهایە ، هەركەسێك دوای من لێی لابدات ، بێگومان تیاچووە.**

## داهێنان و زیاد كردن لەدیندا ڕێگەی پێ نەدراوە

**١/ شەرع دانان – التشريع – تەنها مافی پەروەردگارە، بەندەكان بۆیان نیە لە دین و شەرعی پەروەردگار زیاد بكەن .**

**٢/ فەرمان و ئەركی سەرشانی خەڵكی تەنها گوێڕایەڵی و پەیڕەویكردنی شەرعە ، و نابێت نە لێی زیا بكرێت نە كەم .**

**٣/ پێغەمبەر ﷺ دەروازەی بیدعە و زیاد كردنی لە دیندا بە ڕووی هەموو كەسێكدا بۆ هەتا هەتایی داخستووە ، وەكو فەرموویەتی :** " من عمل عملاً ليس عليه امرنا فهو رد "(٢).

---

(١) أخرجه احمد وصححه الألباني.

(٢) أخرجه مسلم .

واتە: هەر كەسێك كردەوەیەك - عیبادەتێك - بكات و فەرمانی ئەم دینەی ئێمەی لەسەر نەبێت ، ئەوا لێی وەرناگیرێت .

## چۆن بیدعە بناسین ؟!

(ابن تیمیة - رحمه الله -) بنچینە و بنەمایەكی دارِشتووە ، كە بەهۆیەوە بتوانین بیدعە بناسینەوە ، و لە كتێبی (العبودیة) دا فەرموویەتی :

كاكڵە و كرۆكی دین لەسەر دوو بنچینەیە :

١/ هیچ كەس و هیچ شتێك نەپەرستین تەنها ( ﷲ ) نەبێت .

٢/ بەو شێوەیەش بیپەرستین كە خۆی بۆی داناوین .

وە لە كتێبی (اقتضاء الصراط المستقیم : ص٢٦٩) دا فەرموویەتی :

بنچینە لە هەموو عیبادەتەكاندا ئەوەیە: هیچ عیبادەتێك نەكرێت بە شەرع تەنها ئەوە نەبێت كە پەروەردگار كردوویەتی بەشەرع .

وە لە عاداتیشدا ئەوەیە : هیچ عادەتێك نەكرێت ، تەنها ئەوە نەبێت كە پەروەردگار ڕێگەی پێداوە و مخالەفەی شەرع نیە.

جا كردەوە بۆ ئەوەی چاك بێت و وەرگیراو بێت ، پێویستە دوو مەرجی گەورەی تێدا بێت :

**یەكەمیان** : خاوەن كردەوەكە مەبەستی پێی ڕەزامەندی پەروەردگار بێت .

**دووەمیان** : دەبێت كردەوەكە بەپێی ئەو شەرعە بێت كە پەروەردگار لە قورئاندا دای ڕشتووە ، یاخود پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەكانیدا ڕوونی كردووەتەوە.

هەر كردەوەیەك ئەو دوو مەرجەی تیادا نەبێت ئەوە بیدعە و گومڕاییە.

ئەو كەسەی دەڵێت كردەوەی چاك تەنها بە نیەتی چاكە ، ئەوە ڕاست ناكات ، چونكە نیەتی چاك بەتەنها بەس نیە بۆ چاكێتی كردەوە ، بەڵكو پێویستە لەگەڵ نیەتە چاكەكەشدا ، لایەنی شەرعیشی تێدا ڕەچاو كرابێت ، چونكە كردەوەی خراپ ڕەوا نیە ئەگەر چی نیەتی بكەرەكەی چاكیش بێت.

# جۆرەكانی بیدعە

بیدعە لەدیندا دووجۆرە :

جـۆری یەكـەم : بیدعـەی بـیرو بـاوەڕ و گوفتـار : وەك ووتـەكانی (الجهمية والمعتزلة والرافضة) و هەموو فیرقە گومڕاكانی تر.

جـۆری دووەم : بیدعــە لــە عیبادەتەكانــدا : ئــەویش پەرســتنی پەروەردگارە بەعیبادەتێك كە خۆی بەشەرعی دا نەنابێت .

ئەمانەی خوارەوەش چەند جۆرێكن لەو بیدعانە :

١/ ئـەو بیدعەیـەی لـە بنچـینەی عیبادەتەكەدایـە : وەكـو ئـەوەی عیبادەتێك بهێنێتە كایەوە ، كە هیچ بنچینەیەكی نەبێ لەشەرعدا ، وەك نوێژێك زیاد بكات ، ڕۆژوویەك زیاد بكات ،جەژنێك زیاد بكات، وەك جـەژنی سـەری سـاڵ و جـەژنی ئیسـرا و میعـراج و بـەرات و... هتد.

٢/ زیادكردنەكە لەسەر عیبادەتە شەرعیەكە بێت : وەك زیاد كردنی ڕكاتی پێنجەم لە نوێژە چواریەكاندا .

٣/ بیدعەی شێوەی ئەنجامدانی عیبادەتێك : وەكو زیكر كردنی بە كۆمەڵ بە دەنگی بەرز ، یاخود زۆر زیادەڕەوی لە عیبادەتدا ، بە شێوەیەك لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەربچێت .

٤/ دیاری كردنی كاتێك بۆ عیبادەتێك كە ئەو كاتە جێگەی ئەو عیبادەتە نەبێ و شەرع دیاری نەكردبێ ، چونكە ئەصڵ لە عیبادەتی نوێـژ و ڕۆژوو ئەوەیە كە شەرعیە و دروستە ، بەڵام كاتەكانی پێویستی بە بەڵگەیەكی شەرعی هەیە ، وەكو نوێـژی سوننەتی پێش نوێژی جومعە كە (بیدعە)یە.

## هۆكارەكانی درووست بوونی بیدعە

١/ نەزانینی سوننەت و زانستی زاراوەی فەرموودە - علم مصطلح الحديث - ، كە بووەتە هۆی جیانەكردنەوەی فەرمودەی (صحيح) و (ضعيف) لە لایەن زۆربەی موسڵمانانەوە .

٢/ كەسانێك بوونەتە موفتی ، و پرس و ڕای شەرعیان پێ دەكرێت ، و دەرس بە خەڵكی دەڵێنەوە كە عیلمی شەرعیان پێ نیە ، و بە حەزوو ئارەزووی خۆیان فەتوا دەدەن .

٣/ زۆر خوو و نەریت - عادات - كراون بەدین و شەرع ، بەبێ هیچ بەڵگەیەكی ڕاست لە قورئان و سوننەتدا ، وەكو كۆڕی تەعزیە دانان و بیدعەی ڕەش بینی بەرامبەر مانگی سەفەر و زۆر شتی تریش .

٤/ شوێن كەوتنی كوێرانەی زۆربەی خەڵك بۆ كەسانێك كە بە مەعصوم و پیاو چاكیان دادەنێن و هەرچی ئەوان بیكەن ئەمان بە دین و شەرعی دەزانن ، ئەگەر پێچەوانەی قورئان و فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەریش بێت ﷺ .

٥/ شوێن كەوتن هەندێك كەسی بەناو زانا بۆ ئەو ئایەت و فەرمودانەی كە لە ڕواڵەتدا شوبهەیان تێدایە ، (متشابە)ن و چەند تەفسیرێك هەڵدەگرن ، و خەڵكی پێدەخەنە گومانەوە و گومڕایان دەكەن.

## چۆن خۆمان لە بیدعە بپارێزین

بۆ خۆپاراستن لە بیدعەكان پێویستمان بەوەیە چەند ڕێو شوێنێك بگرینە بەر :

**یەكـەم:** بـزانین سـوننەتی ڕاسـتی پێغەمبـەر ﷺ چـیە ، پاشـان شوێنی بكەوین .

**دووەم:** هـەموو بیدعـەكان بـە گـەورە و بچـوكەوە بـزانین ، بـۆ ئـەوەی خـۆمـانی لێ بپـارێزین و تـیـی نەكـەین و گـومڕا نـەبین ، چـونكە هەركەسێك نەزانێت خراپە چیە و چۆنە ، بێگومان تێی دەكەوێت .

# بیدعەكانی ڕۆژی جومعە

## * پێشەكی نوسەر :

پاش ئەوەی كە لە كورت كردنەوە و (تعليق) و لێكۆڵینەوە (تحقيق) ی حوكمەكانی پێشوو بوومەوە ، [3] ئەوەم بیر كەوتەوە كە پڕۆژەی

[3] لێرەدا شێخ مەبەستی كتێبی (الأجوبة النافعة عن أسئلة الجنة مسجد الجامعة) یە كە ئەم نامیلكەیە بەشێكە لەو كتێبە بەسوودە ، و ئامۆژگاری خوێنەران دەكەین بە خوێندنەوەی . لەو كتێبەدا شێخ بە بەڵگەوە چەند حوكمێكی تایبەت بە جومعە باس كردووە لەوانەش :

١ . نوێژی جومعە واجبە .

٢ . بوونی (الإمام الأعظم) لەجومعەدا مەرج نیە .

٣ . تەنها بە دووكەس دەتوانرێت جومعە بكرێت ، یەكێكیان وتار بدات و ئەوی تریش گوێ بگرێت ، پاشان هەردووكیان بە جەماعەت نوێژ بكەن .

٤ . خۆشۆردنی جومعە واجبە .

٥ . هەر كەسێك نوێژی جومعە فەوتا ، نوێژی نیوەڕۆ دەكات نەك جومعە .

٦ . بانگی جومعە تەنها یەك بانگە ئەویش كاتێك ووتار بێژ دەچێتە سەر مینبەر ، وە دەبێ لە شوێنێكی بەرز بانگ بدرێت لەدەرەوەی مزگەوت .

- (ابن عمر) دەفەرموێت : (الأذان الأول بدعة) رواه أبو طاهر المخلص في (فوئده : ١-٢/٢٩٩) واتە : بانگی یەكەم بیدعەیە.

- وە چەندین حوكمی تر بەبەڵگەوە ڕوون كراوەتەوە كە لێرەدا ناتوانین باسی بەڵگەكان بكەین (وەرگێڕ) .

دانانی كتێبێكم هەیە بەناوی (قاموس البدع)[*]، بۆیە بە باشم زانی بابەتێك لەو كتێبە وەر بگرم كە تایبەتە بە بیدعەكانی جومعەوە ، و ڕێكی بخەم و بیخەمە پاڵ ئەم نامیلكەیە [4] بۆ ئەوەی سودێكی تەواو ببەخشێت . ئەمەش لەبەر ئەوەی نازانم كەی هەلم بۆ دەڕەخسێت و ڕێگام بۆ ئاسان دەبێت تاوەكو بتوانم كتێبی (قاموس البدع) بەچاپ بگەیەنم ، وە ئەوەی كە ناتوانرێت هەمووی بەدەست بهێنرێت ، نابێ واز لە زۆرینەكەشی بهێنرێت .

پێشەكی ئەم بەشە پێویستی بە چەند ڕستەیەكی كورت هەیە ، بۆیە دەڵێم :

لەو شتانەی كە پێویستە بزانرێت ئەوەیە : ناسینی ئەو بیدعانەی هاتوونەتە ناو دینەوە كارێكی زۆر گرنگە ، چونكە موسڵمان ناتوانێ بەتەواوی خۆی لە خوای گەورە نزیك بكاتەوە تەنها بە خۆ دوورگرتن نەبێت لەو بیدعانە ، ناشتوانێت خۆی بە دوور بگرێت تاوەكو دانە

---

[*] ئەم كتێبە بە سوودە لە پاش مردنی شێخ ئەلبانی (بە ڕەحمەت بێت) لەلایەن (شیخ مشهور وأحمد الشكوكاني) ە وە لە پاش هەوڵ و ماندووبوون بە چاپ گەیەنرا ، و ئێستا لە بەردەستی فێرخوازاندایە ، خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە.

[4] واتە : (الأجوبة النافعة عن أسئلة الجنة مسجد الجامعة) (وەرگێڕ ).

دانەی بیدعەکان نەزانێت ، ئەگەر هاتوو ڕێسا و بنچینەکانی نەدەزانی ، ئەگینا ئەکەوێتە بیدعەوە بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات ، ئەم باسەش ئەو ڕێسایە دەیگرێتەوە کە زانایانی (أصول الفقه) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) وتویانە : (ما لا یقوم الواجب إلا به فهو واجب) واتە : هەر ئیشێك جێبەجێبوونی واجبێکی لەسەر بوەستێت ئەو ئیشەش واجب دەبێت .

نموونەش بۆ ئەم باسە شیرك و جۆرەکانیەتی ، کە ئەگەر کەسێك نەیزانێت تێیدەکەوێ و تووشی دەبێت ، وەکو چۆن زۆرێك لە موسڵمانان دەبینرێن خۆیان لە خوا نزیك دەکەنەوە بەو شتانەی کە شیرکە ، وەکو نەزر کردن بۆ دۆستانی خوا و پیاوچاکان ، و سوێند پێ خواردنیان ، و سووڕانەوە بە دەوری گۆڕەکانیاندا ، و درووست کردنی مزگەوت لەسەریان ، وە ئەو شیرکانەی تریش کە لای زانایان و شارەزایانی دین زانراوە ، بۆیە لە پەرستندا تەنها زانینی سوننەت بەس نیە ، بەڵکو دەبێ دژەکەشی بزانرێت کە ئەویش بیدعەیە ، هەروەکو چۆن لە باوەڕ (الإیمان) دا تەنها بوونی یەکتاپەرستی بەس نیە ، بەبێ زانینی هاوەڵ پەیداکردنەکان (شرکیات) ، پێغەمبەری

**خوایش ﷺ ئاماژەی بەم ڕاستیە كردووە و فەرموویەتی :** " من قال : لا إله إلا الله ، وكفر بما يعبد من دون الله ، حرم ماله ودمه وحسابه على الله " [مسلم] .

**واتە: هەركەسێك بڵێت هیچ پەرستراوێك نیە شایەنی پەرستن بێت جگە لە خوا ، وە بێباوەڕ بێت بەوانەی جگە لەخوا دەپەرسترێن ، ئەوا ماڵ و خوێنی حەرام دەبێت ، وە لێپرسینەوەشی لەسەر خوایە .**

**لێرەدا پێغەمبەری خوا ﷺ هەر بەوەوە نەوەستاوە كە باسی یەكتاپەرستی بكات ، بەڵكو ئەوەشی خستووەتە پاڵ كە دەبێ بێباوەڕبێت بە هەموو ئەوانەی جگە لە خوا دەپەرسترێن ، ئەمەش پێویست بەوە دەكات زانیاری هەبێت سەبارەت بە (كفر) ، ئەگینا دەكەوێتە ناویەوە بێ ئەوەی هەستی پێ بكات ، هەروەها هەمان ووتەش هەیە سەبارەت بە سوننەت و بیدعە و جیاوازی نیە ، چونكە ئیسلام لەسەر دوو بنەوای گەورە وەستاوە ئەویش ئەوەیە : جگە لە خوا هیچ شتێكی تر نەپەرستین ، وە خواپەرستیش نەكەین تەنها بەو شێوەیە نەبێت كە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیان پێ كردووین .**

**هەركەسێك كەم و كوڕی لە یەكێك لەم دوو بنەوایەدا بكات ئەوا كەم و كوڕی لە بنەواكەی تریشدا كردووە ، وە خواشی نەپەرستووە** (تبارك وتعالى).

**باسكردنی ئەم دوو بنەوایەش بە درێژی لە كتێبەكانی** (شيخ الاسلام ابن تيمية وشيخ الاسلام ابن قيم) **دا دەبینیت .**

**لەوانەی پێشەوەوە ئەوەمان بۆ دەركەوت كە : زانینی بیدعە شتێكە هەر دەبێت بزانرێت ، بۆ ئەوەی عیبادەتی موسڵمان پارێزراو بێت لە بیدعە كە پێچەوانەی خواپەرستی دڵسۆزانەیە بۆ خوای بەرز و بڵند ، بۆیە بیدعە لەو خراپانەیە كە دەبێ بزانرێت نەك بۆ ئەنجامدانی بەڵكو بۆ خۆ دوورخستنەوە لێی ، وەكو شاعیر دەڵێ :**

عرفت الشر لا للشر          لكن لتوقيه

ومن لا يعرف الشر          من الخير يقع فيه

**واتە : خراپەم ناسی نەك لەبەر خودی خراپەكە بەڵكو بۆ خۆپاراستن لێی ، وە هەر كەسێك خراپە و چاكە لە یەك جیانەكاتەوە دەكەوێتە ناو خراپەوە .**

ئەم مانایەش لە سوننەتەوە وەرگیراوە ، چونكە (حذيفة) ی كوڕی (یمان) فەرموویەتی : " خەڵكی پرسیاری خێر و چاكەیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەكرد ، و منیش پرسیاری خراپە و شەڕم لێدەكرد لەترسی ئەوەی نەوەك پێم بگات ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە خراپە و نەفامیدا بووین خوا ئەم خێرەی بۆ هێناین . واتە : ئیسلام . ئایا لەدوای ئەم خێرە شەڕ هەیە ؟ فەرمووی : ((بەڵێ)) ، ووتم : ئایا پاش ئەو شەڕە خێر هەیە ؟ فەرمووی : ((بەڵێ ، بەڵام خڵتەی تێدایە)) ووتم : خڵتەكەی چیە ؟ فەرمووی : كۆمەڵێكن لەسەر ڕێبازێك جگە لە ڕێبازەكەی من دەڕۆن ، وە بە جگە لە ڕێنموویی من ڕێنموویی دەكەن ، چاكە و خراپەیان لێ دەبینیت .

ووتم : ئایا پاش ئەو خێرە شەڕ هەیە ؟ فەرمووی : (( بەڵێ بانگەوازكارانێكن لەسەر دەرگاكانی دۆزەخ ، هەر كەسێك وەڵامیان بداتەوە فڕێی دەدەنە ناویەوە )) ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا وەسفیان بكە بۆمان .

فەرمووی ((بەڵێ ، كۆمەڵێكن لە پێستی خۆمانن و بە زمانی خۆشمان قسە دەكەن .... فەرموودەكە)) " [ أخرجه البخاري ومسلم] .

دەڵێم : لەبەر ئەمە زۆر پێویستە موسڵمانان ئاگادار بكرێنەوە لەو بیدعانەی هاتوونەتە ناو دینەوە ، ئەم كارەش بەو شێوەیە نیە كە هەندێك كەس پێیان وایە : ئەوەندە بەسە یەكتا پەرستی و سوننەت فێری خەڵك بكرێت ، و پێویست ناكات باسی هاوەڵ پەیداكردنەكان (الشركيات) و بیدعەكان (البدعيات) بكرێت ، بەڵكو دەبێ بێدەنگ بین و باسی ئەوانە نەكەین !

ئەمە تێڕوانینێكی كورتە و لە كەم زانیاری و كەم زانستی سەبارەت بە حەقیقەتی یەكتاپەرستی كە پێچەوانەی هاوەڵ پەیداكردنە ، وە سوننەت كە پێچەوانەی بیدعەیە سەرچاوەی گرتووە ، لە هەمان كاتیشدا ، بەڵگەیە لەسەر نەزانی ئەو كەسانە بەوەی كە بیدعە هەندێك جار كەسی زاناش تووشی دەبێت ، ئەمەش لەبەر ئەوەی هۆیەكانی بیدعە زۆر زۆرن لێرەدا بوارمان نیە باسیان بكەین ، بەڵام تەنها هۆیەك باس دەكەم ، و نمونەشی لەسەر دەهێنمەوە .

لەو هۆیانەی كە دەبنە هۆی دروست بوونی بیدعە بریتیە لە : فەرموودە (ضعيف) و (موضوع) ە كان ، جاری وا هەیە هەندێك لە زانایان لایان شاراوە دەبێت كە فەرموودەیەك (ضعيف) یان (موضوع) ە و پێی وایە كە (صحيحة) ، و بەو فەرموودەیەش خۆی لە خوا نزیك

دەكاتەوە ، و كاری پێدەكات ، پاشان قوتابیەكانی و خەڵكی سادە (عوام) یش چاوی لێدەكەن و لاسایی دەكەنەوە ، بەمەش دەبێتە ڕێگایەك خەڵكی شوێنی دەكەون .

بۆ نمونە (الشيخ الفاضل و العلامة المحقق السيد جمال الدين القاسمي) كتێبێكی بەنرخی داناوە بەناوی (إصلاح المساجد من البدع والعوائد) كە زۆر سوودم لێ بینیوە لەو پرۆژەیەی كە پێشتر باسم كرد [5] ، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشێكی كتێبەكەیدا باسی چەند شتێكی كردووە كە پێویستە وریای بین ، لەو كتێبەدا باسی بیست بابەتی كردووە ، لەو بابەتانەش : (١٦: دخول الصبيان للمساجد) واتە : چوونە ژوورەوەی منداڵ بۆ مزگەوت ، كە لە لاپەڕە (٢٠٥) دا دەڵێ :

(لە فەرموودەدا هاتووە " جنبوا مساجدكم صبيانكم و مجانينكم " واتە : مزگەوتەكانتان بە دوور بگرن لە منداڵ و شێتەكانتان ، ئەمەش لەبەر ئەوەی منداڵ خوو (عادەت) ی وایە كە خەریكی یاریە ، بەو یاریكردنەش پشێوی دەخاتە نێوان نوێژگەرانەوە ، و لەوانەیە بیكات

---

[5] واتە : پرۆژەی دانانی كتێبی (قاموس البدع) (وەرگێڕ).

بە جێگای یاریکردن (ملعب) ، ئەمەش لەگەڵ شوێنی مزگەوتدا ناگونجێت ، بۆیە بەدوور دەگیرێت لە چوونە مزگەوت) .

دەڵێم : ئەم فەرموودەیە (ضعيف) ە و ناكرێت بە بەڵگە ، و كۆمەڵێك لە پێشەوایان ئەم فەرموودەیەیان بە (ضعيف) داناوە وەكو (عبد الحق الأشبيلي، وابن الجوزي، والمنذري، والبوصيري، والهيثمي، والعسقلاني) و جگە لەوانیش . لەگەڵ ئەوەشدا لەلای شێخ قاسمی شاراوە بووە كە ئەم فەرموودەیە (ضعيف) ە ، و حوكمێكی شەرعی لەسەر بنیاد ناوە ، ئەویش دوور خستنەوەی منداڵە لە مزگەوت وەكو گەورەیی دانان و ڕێزێك بۆ مزگەوت ، ، بەڵام لە واقیعدا ئەوە (بیدعە) یە ، چونكە پێچەوانەی ئەوەیە كە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ هەبووە ، وەكو چۆن لە كتێبەكانی سوننەت دا باسكراوە ، وە بڕوانە كتێبمان (صفة صلاة النبي ﷺ)[6].

بۆیە وریاكردنەوەی موسڵمانان لە بیدعەكان واجبە لەسەر زانایان و شارەزایانی دین ، و كۆمەڵێكیان بەم كارە هەستاون ، و كتێبی زۆریان داناوە لەسەر بیدعە ، هەندێك لەو كتێبانە ڕێسا و

---

[6] ئەم كتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی بە ناوی (چۆنیەتی نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ – وەرگێڕانی : مامۆستا عەدنان بارام).

بنچینەكانی بیدعەی تێدایە ، هەندێكیشیان لقەكانی بیدعەی تێدایە ، وە هەندێكیشـــیان ڕێســـاو بنچـــینەكان و لقـــەكانی بیدعـــەی تێـــدا كۆكراوەتـــەوە ، مـــن هـــەموو ئـــەو كتێبانـــەم خوێنـــدووە تـــەوە ، و لەگەڵیشیدا سەدەها كتێبی ترم لە فەرموودە و فیقھ و ئـەدەب و جگـە لـە وانـەش خوێندووەتـەوە ، و بابـەت (مادة) یێكـی گـەورەم دەربـارەی بیدعـە كۆكردووەتـەوە ، كـە پـێم وا نیـە لـەم كـارەدا كەسـێك پێشـم كەوتبێت ، ئـەوەش بنـەوای ئـەو كتێبەیـە كـە پێشتر ئامـاژەم پێكـرد (قاموس البدع) كە داوا لە خوا دەكەم پوخت كردن و داڕشتنەوە و چاپ كردنی ئەو كتێبەم بۆ ئاسان بكات ، ئەم بەشـەش لەبـەر دەستت دایـە بەڵگەیەكە لەسەر ئەو كتێبە ، و نمونەیەكە لێی . واللہ سبحانه هو الموفق .

ئەمەی خوارەوەش بیدعـەكانی جومعـە كـە بـەڵێنمان پێـدابووین ، و دەڵێم : (*)

---

(*) لێرەدا (لـەم نامیلكەیـەدا) خوێنـەری بـەڕێز چـەند بیدعەیـەكی كـەم دەبینێت كـە سەرچاوەكەی باس نەكرابێت ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە دەقێكم نـەبینیوە لـە سەر بیدعیەتی ، بەڵام بنچینە و ڕێساكانی بیدعـە وا دەخوازێت كە بیدعە بێت ، وە چەند دەقێكیشی لە سەر دەهێنم كە بەڵگە بێت لە سەر بیدعیەتی(نوسەر) .

١ . وازهێنـان لەسـەفەر كـردن لـە ڕۆژی جومعـەدا وەكـو عیبادەتێـك [7].

٢ . كردنی ڕۆژی جومعە بە پشوو . (الاحياء : ١ / ١٦٩) .

٣ . خۆجـوانكردن و خۆڕازاندنـەوە بەهەنـدێك لـە سەرپێچـیەكان لەڕۆژی جومعەدا وەكو ڕیش تاشین ، و پۆشینی حەریر و ئاڵتون [*] .

٤ . ناردنی فـەرش بـۆ مزگـەوت لەلایـەن هەنـدێك كەسـەوە لـە ڕۆژی جومعە یان جگە لە جومعە پێش ئەوەی خۆیان بڕۆن بۆ مزگەوت [8] . ( المدخل : ٢ / ١٢٤ ) .

---

[7] واتە : وازهێنان لەسەفەركردن لە ڕۆژی جومعە بە عیبادەت بزانێت (وەرگێڕ)

(بيهقي : ٣ /١٨٧) لەعومـەرەوە دەگێڕێتـەوە كـە فەرموویـەتی : (الجمعة لا تمنع من سفر) **واتـە : جومعە ڕێگر نیە لەسەفەر كردن** . وقد روى ابن أبي شيبة في(المصنف) عن صالح بن كيسان أن أبا عبيدة خرج يوم الجمعة في بعض أسفاره ولم ينتظر الجمعة . وإسناده جيد.

**بـەڵام فـەرموودەی** "من سافر بعد الفجر دعا علية ملكاه ..." [ضعيف] ه . (السلسلة الضعيفة ٢١٦ – ٢١٧) . وأما قول الشيخ البجيرمي في (الإقناع : ٢ / – ١٧٧) بأنه قد (قد صح) فمما لا وجه له البتة ، لا سيما وهو ليس من أهل الحديث فلا يغتر به (**نوسەر**).

[*] **هێشتنەوەی ڕیش واجبە ، و تاشینی حەرامە ، چونكە گۆڕینی دروستكراوی خوایە ، و خۆ شوبهاندنە بە ئافرەتان ، پێغەمبەری خوایش ﷺ " لەعنەتی كردووە لەو پیاوانەی كە خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان "** (صحيح البخاري) **(وەرگێڕ).**

٥. **بیرخستنەوە (یاد خستنەوە) بە هەموو جۆرەكانیەوە لە ڕۆژی جومعەدا** [9]. (المدخل : ٢ / ٢٥٨ – ٢٥٩) و(الإبداع في مضار الابتداع : ص٧٦) و(مجلة المنار : ٣١ / ٥٧) .

٦. **نوێژی سوننەتی پێش نوێژی جومعە** [10] . (السنن والمبتدعات : ٥١) و(الأجوبة النافعة : ص٢٦ – ٤١) و(المدخل : ٢ / ٢٣٩).

---

[8] **بۆ نمونە بەرماڵێك دەدات بە كوڕەكەی و پێی دەڵێ : كوڕم شوێنێكم بۆ بگرە دوایی خۆم دێم بۆ مزگەوت (وەرگێڕ)** . (ابن تيمية) **لە** (الفتاوى : ٢ / ٣٩) **دەفەرموێت** : (وهذا منهي عنه باتفاق) **واتە : بە** (اتفاق) **ی زانایان نەهی لێ كراوە (نوسەر)** .

[9] **بۆنموونە صەڵاواتدان و قورئان خوێندن و زیكركردن لە مزگەوتەكاندا بۆ ئەوەی بیری خەڵكی بخەنەوە كە جومعە (وەرگێڕ)** .

[10] **لە فەرمووودەدا هاتووە** " كان النبي ﷺ يخرج من بيته يوم الجمعة ، فيصعد منبره ، ثم يؤذن المؤذن ، فإذا فرغ أخذ النبي ﷺ في خطبته " [فتح الباري : ٢ / ٤٢٦].

**واتە : پێغەمبەر ﷺ لە ماڵ دەردەچوو لە ڕۆژی جومعەدا ، دەچووە سەر مینبەر ، پاشان بانگدەر بانگی دەدا ، كاتێك بانگدەر لێ دەبوویەوە پێغەمبەر ﷺ وتاری دەدا .**

**بۆیە ئەگەر ئەو دوو ڕكاتە سوننەتە بوایە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دەكرد بە خەڵكی كە ئەنجامی بدەن .**

**(زۆربەی زانایان و پێشەوایانی ئوممەت كۆكن لە سەر ئەوەی كە پێش جومعە سوننەتێك نیە ، كات و ژمارەی دیاری كراو بێت ، چونكە سوننەتی وەها پێویست بە وتە و كردەوەی پێغەمبەر ﷺ دەكات ، ئەویش نە بە وتە نە بە كردەوە شتی وای نەكردووە ، ئەمەش مەزهەبی مالیك و شافیعی و زۆرینەی هاوەڵانیەتی ، و ئەمەش مەشهورە لە مەزهەبی ئەحمەد دا)** (فتاوى ابن تيمية : ١ / ١٣٦) **(وەرگێڕ).**

٧. **فەرش كردنی پلیكانەی مینبەر لەڕۆژی جومعەدا** . (المدخل : ٢ / ٢٦٨).

٨ . **دانانی ئاڵای ڕەش لەسەر مینبەر لەكاتی وتاردا**. (المدخل : ١٠ / ١٦٦).

٩. **دانانی پەردە بۆ مینبەرەكان**.(السنن : ٥٣).

١٠. **بەردەوام بوونی ئیمام لەسەر ڕەش پۆشین لە ڕۆژی جومعەدا** . (الأحياء : ١ / ١٦٢ ، ١٦٥) و(المدخل : ٢ / ٢٦٦) و(شرح شرعة الإسلام : ص١٤٠).

١١. **تایبەتكردنی مێزەر بەستن بۆ نوێژی جومعە و نوێژەكانی تر** [11] .

١٢. **لە پێ كردنی** (خوف)[12] **لەبەر ووتار و نوێژی جومعە**.(المدخل : ٢ / ٢٦٦).

١٣. (الترقية) ، **ئەویش بریتیە لە خوێندنەوەی ئایەتی** (إن الله وملائكته يصلون عن النبي ...) .

---

(11) **دەڵێم هەموو ئەو فەرموودانەی دەربارەی فەزڵی نوێژ كردن بە مێزەرەوە هاتوون** (صحيح) **نین بڕوانە :** (السلسلة الضعيفة رقم ١٢٧) **(نوسەر)** .

(12) **جۆرێكە لە گۆرەوی لە پێست دروست دەكرێت (وەرگێڕ).**

١٤ . **زیادكرنی پلیكانەی مینبەر بۆ زیاد لە سێ پلە**[13].

١٥ . **پاڕانەوەی ئیمام بە پێوە لە خوارەوەی مینبەر.**

١٦ . **دواكەوتن و خاوەخاوكردنی وتاربێژ لە چوونە سەر مینبەر.**(الباعث : ٦٤).

١٧ . **شیعر ووتن بەباڵای پێغەمبەری خوادا ﷺ ، كاتێك ووتاربێژ دەچێتە سەر مینبەر یان پێش ئەوەی بچێتە سەر مینبەر** (المنار : ٣١ / ٤٧٤).

١٨ . **سەرقاڵ بوونی ووتاربێژ بە دوعاكردن ڕوو لە قیبلە ، كاتێك دەچێتە سەر مینبەر ، پێش ئەوەی ڕوو لە خەڵكی بكات ، و سەلامیان لێبكات** [*].(الباعث : ٦٤) و(المدخل : ٢ / ٢٦٧) و(إصلاح المساجد : ٤٨) و(المنار : ١٨ / ٥٥٨).

---

[13] **ئەوەی كە دەگوترێت گوایە** (معاوية) **یەكەم كەس بووە ژمارەی پلەكانی زیادكردووە بۆ** (١٥) **پلە ڕاست نیە ، و لە خراپەی ئەم بیدعەیە ئەوەیە دەبێتە هۆی بڕینی ڕیزەكان** ، (فأخذوا يتفادون ذلك بطرق محدثة كجعل الدرج بجانب الجدار ونحو ذلك ، ولو انهم اتبعوا السنة لاستراحوا ) (**نوسەر**) .

[*] قال شيخ الإسلام ابن تيمية في (الاختيارات : ٤٨) : (دعاء الإمام بعد صعوده المنبر لا أصل له) (**نوسەر**).

١٩. **وازهێنانی ووتاربێژ لە سەلام كردن لە خەڵكی كاتێك كە دەردەچێت و دێت بۆ لایان بۆ وتاردان**.(المدخل : ٢٢ / ١٦٦).

٢٠. **بانگدانی دووەم لەناو مزگەوتدا و لەبەردەم ووتاربێژدا**(*) (الاعتصام للشاطبي : ٢ / ٢٠٧ – ٢٠٨) و(المنار : ١٩ / ٥٤٠) و (الأجوبة النافعة : ١٤ – ١٥).

٢١. **ووتنی** (غفر الله لك ولوالديك ولنا ولوالدينا و الحاضرين) **لەلایەن هەندێك لە بانگدەرانەوە لە بەردەم وتاربێژدا كاتێك كە دادەنیشێت لە دوای وتاری یەكەم** (فتاوى ابن تيمية : ١ / ١٢٩) و(إصلاح المساجد : ٧٠).

٢٢. **دانیشتن لەژێر مینبەردا كاتێك كەوتاربێژ وتار دەدات لەڕۆژی جومعەدا بەنیازی چاك بوونەوە لە نەخۆشی** (المنار : ٧ / ٥٠١ – ٥٠٣).

٢٣. **وازهێنان و پشت هەڵكردنی وتاربێژەكان لە** (خطبة الحاجة) **كە بریتیە لە** (إن الحمد الله نحمده ونستعينه و نستغفره ...) **وە لەو وتەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە لە وتارەكانیدا دەیفەرموو** : (أما بعد ، فان خير الكلام كلام الله ...).

---

(*)**دەبێ لە شوێنێكی بەرز بانگ بدرێت لە دەرەوەی مزگەوت (نوسەر) .**

٢٤. وازهێنـانی وتاربێـژەكان لەبیرخسـتنەوە بـە سـورەتی (ق) لەوتارەكانیانـدا لـە كاتێكدا كـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـەردەوام بووە لەسەری (السنن : ٥٧).

٢٥. بەردەوام بوونی وتاربێژەكان لـە هێنانـەوەی فەرموودەیـەك لـە كۆتایی وتاردا بەهەمیشەیی وەكو فەرموودەی " التائب من الذنب كمن لا ذنب له " (السنن : ٥٦).

٢٦. سەلام كردنی هەنـدێك لـە وتاربێژەكانی ئـەم سـەردەمە كاتێك كـە لەوتاری یەكەم دەبنەوە و هەڵدەسنەوە بۆ وتاری دووەم .

٢٧. خوێندنی سورەتی (الإخلاص) سێ جار لـەكاتی دانیشتن لـە نێوان هەردوو وتارەكەدا (السنن : ٥٦).

٢٨. ئەنجامـدانی نوێـژی (تحية المسجد) لەلایـەن هەنـدێك لـەو كەسانەی كە لە مزگەوتدا ئامادەن لە كاتی وتاری دووەمدا . (المنار : ١٨ / ٥٥٩) و(السنن : ٥١).

٢٩. دوعاكردن و دەست بەرزكردنـەوەی خـەڵكی كاتێك كـە ئیمام لەسەر مینبـەر دادەنیشێت لـە نێوان دوو وتارەكـەدا (المنار : ٦ / ٧٩٣ – ٧٩٤ و١٨ / ٥٥٩).

٣٠. **زیادەڕەوی کردنی وتاربێژەکان لە پەلەکردن لە وتاری دووەم دا** (المنار : ١٨ / ٨٥٨) .

٣١. **ئاوڕدانەوەی وتاربێژ بەلای ڕاست و چەپدا کاتێك کە دەڵێت : فەرمانتان پێ دەکەم ، و نەهیتان لێدەکەم ، وە لەکاتی صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا** ﷺ (الباعث : ٦٥) و(حاشية ابن عابدين : ١ / ٧٥٩)و(إصلاح المساجد : ٤٨) و(المنار : ١٨ / ٥٥٨).

٣٢. **پابەند بوونی ـ هەندێك ـ لە وتاربێژەکان بە سەروا** (سجع)[١٤] **و سێ بارە و چوار بارە و پێنج بارەکردنەوە لە شیعر و وتارەکانیاندا ، لە کاتێك کە** (سجع) **لە فەرموودەی** (صحيح) **دا نەهی لێ کراوە** (السنن : ٦٥).

٣٣. **پابەند بوونی وتاربێژەکان بەهێنانەوەی فەرموودەی :** " إن الله عزوجل في كل ليلة من رمضان ستمائة ألف عتيق من النار ، فإذا كان آخر ليلة أعتق

---

(14) (سجع) **سەروا : ئەوەیە کە بڕگەکان (دەستەواژەکان) بە هەمان پیت کۆتاییان بێت (وەرگێڕ) .**

الله بعدد من مضى[15] **لە كۆتایی وتاری جومعە كۆتایی ڕەمەزاندا یان لەوتاری جەژنی ڕەمەزاندا، لە كاتێكدا كە ئەو فەرموودەیە** (باطل)**ە** [(*)].

٣٤. **وازهێنان لە نوێژی** (تحية المسجد) **بۆ كەسێك كەدێت بۆ جومعە و وتاربێژ لەوتاردایە** . (المحلى لابن الحزم : ٥ / ٦٩)[(*)].

٣٥. **داماڵینی ووتاری دووەم لە ئامۆژگاری و ڕێنموونی و یادخستنەوە و هاندان بۆ كاری چاكە ، و تایبەت كردنی ئەم ووتارە بە صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ** (السنن : ٥٦) و(نور البيان في الكشف عن بدع آخر الزمان : ٤٤٥).

٣٦. **بڕینی ووتار لەلایەن هەندێك لە وتاربێژەكانەوە ، بۆ ئەوەی فەرمان بكەن بەو كەسەی هاتووەتە مزگەوتەوە و دەستی كردووە بە**

---

[15] **واتە : لە هەموو شەوێكی مانگی ڕەمەزاندا خوای گەورە شەش سەد هەزار كەس ڕزگار دەكات لە ئاگر ، وە لە شەوی كۆتایی ڕەمەزاندا بە ئەندازەی هەموو ئەوانەی كە لە شەوەكانی تردا ئازاد كراون موسڵمانان لە ئاگر ئازاد دەكات** (وەرگێڕ).

(*) قاله ابن حبان في (اللا لىء المصنوعة) للسيوطي (**نوسەر**).

(*)**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " ئەگەر یەكێك لە ئێوە هات بۆ جومعە ، و ئیمام وتاری دەدا ، ئەوا با دوو ڕكات بكات ، و كورتیان بكاتەوە ".**

**نوێـژی** (تحية المسجد) **بـە وازهێنـان لـە نوێژەكـە ، ئەمـەش پێچـەوانەی فەرمووده و فەرمان كردنی پێغەمبەری خوایە ﷺ** (*) .

٣٧ . **دەنـگ بەرزكردنـەوەی وتاربێـژ لـەكاتی صـەڵەواتدان لەسـەر پێغەمبـەری خـوا ﷺ بەشێوەیەك دەنگی بـەرزتر بێت لـەدەنگی لـە باقی وتارەكەیدا** (الباعث : ٦٥).

٣٨ . **زیادەڕەوی كردن لە دەنگ بەرز كردنەوە بە صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەری خـوا ﷺ لەكاتێكدا كە وتاربێژ ئایـەتی** ﴿ إن الله وملائكته يصلون عن النبي ... ﴾ **دەخوێنێتەوە** (بجيرمي : ٢ / ١٨٩).

٣٩ . **هاواركردنی هەندێك كەس لەكاتی وتاردا بەناوی خوا یان ناوی هەندێك لە پیاو چاكان** (المنار : ١٨ / ٥٥٩).

٤٠ . **هێنانی ئەو كافرەی كە لەماوەی ئەو هەفتەیەدا موسڵمان بووە بۆ لای وتار بێژ بۆ سەر مینبەر بۆ ئەوەی ئەو كافرە** (شهادة) **بهێنێت لەبەردەم**

---

(*) **پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی :** " إذا جاء أحدكم الجمعة ، والإمام يخطب ، فليركع ركعتين ، وليتجوز فيهما " **واتە : ئەگەر یەكێك لە ئێوە هات بۆ جومعە ، و ئیمام وتاری دەدا ، ئەوا با دوو ڕكات بكات ، و كورتیان بكاتەوە .**

**بـەڵام ئـەو فەرموودەیـەی كـە دەڵـێ :** " إذا صعد الخطيب المنبر ، فلا صلاة ولا كلام " (ضعيف) **ه ، واتە : ئەگەر وتاربێژ چووە سەر مینبەر ، نە نوێژ هەیە نە قسەكردن** (السلة الضعيفة : رقم٨٧) **(وەرگێڕ)**.

**خەڵكیدا ، و وتاربێژیش بەهۆی ئەوەوە وتارەكەی دەبڕێت** (المدخل : ٢ / ١٧١).

٤١ . **پابەندبوونی وتاربێژەكان بە باسكردنی خەلیفە و مەلیك و دەسەلاّتدارەكان لەوتاری دووەم دا بە ئاوازەوە .** (الاعتصام : ١٧ – ١٨ و ٢ / ١٧٧) و(المنار : ٦ / ١٣٩ و ١٨ / ٣٠٥ و٥٥٨ و ٣١ / ٥٥) .

٤٢ . **پاڕانەوەی وتاربێژ بۆ ئەوانەی ڕۆیشتوون بۆ جیهاد و بۆ ئەوانەی لەسەنگەردان دژی دوژمنانی دین.** (الاعتصام : ١ / ١٨).

٤٣ . **پاڕانەوەی بانگدەرەكان بۆ دەسەلاّتداران و درێژكردنەوەی ئەو پاڕانەوەیە لە كاتێكدا كە وتاربێژیش بەردەوامە لە وتارەكەی**(*)(المنار : ١٨ / ٥٥٨) و(السنن : ٢٥).

٤٤ . **وەستانی وتاربێژ لە نێوان پاڕانەوەكەیدا لەسەر مینبەر ، بۆ ئەوەی بانگدەرەكان** (آمین) **ی لەسەر بكەن** (شرح الطریقة المحمدیة : ٣ / ٣٢٣).

٤٥ . **وتاردان بەلاواندنەوە و ئاوازەوە** (الابداع : ٢٧).

٤٦ . **دەست بەرز كردنەوەی ووتاربێژ لەكاتی پاڕانەوەدا**(16).

---

(*) نص ابن عابدین في (الحاشیة : ١ / ٧٦٩) على كراهة ذلك یعني كراهة تحریم . **واتە** : (ابن عابدین) **دەقی لەسەر ئەوە داوە كە مەكروهە** (كراهة تحریمیة) **(نوسەر)**.

٤٧ . **دەست بەرزكردنەوەی خەڵكی لەكاتی** (آمين) **كردن لەسەر پاڕانەوەی ووتاربێژ** [*](الباعث : ٦٤ و ٦٥).

٤٨ . **پابەندبوونی وتاربێژ بە كۆتایی هێنانی ووتارەكەی بە ئایەتی** ﴿إن الله يامر بالعدل و الاحسان﴾ **یان** ﴿واذكروا الله يذكركم﴾ (المدخل : ٢ / ٢٧١) و(السنن : ٥٧).

٤٩ . **درێژكردنەوەی وتار و كورت كردنەوەی نوێژ** [17] .

---

[16] (شيخ الاسلام ابن تيمية) **لە** ( الاختيارات العلمية ص ٤٨) **دەفەرموویێت : (مەكروهە ئیمام لەكاتی دوعاكردن لەوتاردا دەست بەرز بكاتەوە ، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها بە پەنجەی ئیشارەتی دەكرد ، ئەگەر دوعای بكردایە ) (نوسەر).**

[*] (ابن عابدين) **لە** (الحاشية : ١ / ٧٦٨) **دەڵێ : ئەگەر ئەوە بكەن بكەن ئەوا تاوانبار دەبن لە سەر بۆچوونی ڕاستی زانایان (نوسەر).**

[17] **چونكە سوننەت وایە وتارەكە كورت بكرێتەوە و نوێژەكە درێژ بكرێتەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێت :** " إن طول صلاة الرجل ، وقصر خطبته ، مئنة من فقهه ، فأطيلوا الصلاة ، واقصروا الخطبة ... الحديث " [مسلم : رقم ٨٦٩] **واتە : بە ڕاستی درێژی نوێژی پیاو ، و كورتی وتارەكەی ، نیشانەیە بۆ شارەزایی ئەو كەسە ، بۆیە نوێژ درێژ بكەنەوە ، و وتار كورت بكەنەوە (وەرگێڕ).**

**وە لە** (الدر المختار) (١ / ٧٥٨ الحاشية) **هاتووە كە : (كەراهەتی هەیە دوو وتارەكەی جومعە لە ڕێژەی خوێندنی سورەتێك لە سورەتە درێژەكان زیاتر بێت) (نوسەر).**

٥٠ . **دەست هێنان بەشان و پشتی ووتاربێژ كاتێك كە لە مینبەر دادەبەزێت** (الابداع : ٧٩) و(إصلاح المساجد : ٧٢) و(السنن : ٥٤) و(نور البيان : ٤٤).

٥١ . **ژماردنی ئامادەبووانی نوێژی جومعە لە هەندێك لە مزگەوتە بچوكەكان بۆ ئەوەی بزانن ژمارەیان گەیشتوەتە (٤٠) كەس یان نا .**

٥٢ . **ئەنجامدانی نوێژی جومعە لە مزگەوتە بچوكەكاندا**[18] (إصلاح المساجد : ٥٩).

٥٣ . **نوێژ دابەستنی ئیمام پێش ئەوەی ریزی نوێژگەران رێك بخات** (إصلاح : ٩٢ – ٩٣).

٥٤ . **ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ لەپاش نوێژی جومعە .** [*] (السنن : ١٠ ، ١٢٣) و(إصلاح المساجد : ٤٩ – ٥٣) و(المنار : ٢٣ / ٢٥٩، ٤٩٧ ، و٣٤ / ١٢٠).

---

[18] (سبكي) **نامیلكەیەكی هەیە بەناوی** (الاعتصام بالواحد الاحد من إقامة جمعتين في بلد) **كە تێیدا دەڵێ** : (تعدد الجمعة عند عدم الحاجة منكر معروف بالضرورة في الاسلام) من فتاوى السبكي(1/190) **واتە : ئەنجامدانی نوێژی جومعە لەچەند مزگەوتێكدا لە كاتێكدا كە پێویست بەوە نەكات خراپە و منكرە . وە (قاسمی) پاش توێژینەوە گەشتووەتە ئەوەی :** (أن يترك التجميع في كل مسجد صغير سواء كان بين البيوت أو في الشوارع وفي كل مسجد كبير أيضا يستغنى عنه بغيره ، وأن ينضم كل أهل محلة كبرى إلى جامعها الأكبر ، ولنفرض كل محلة كبرى كقرية على حدة فيستغني بذلك عن كثير من زوائد المساجد ، ويظهر الشعار في تلك الجوامع الجامعة في ابدع حال ، فيخرج من عهدة التعدد). قلت : وهذا هو الحق الذي يفهمه كل من تفقه بالسنة وتأمل في واقع الجمعة والجماعة في عهد النبي – صلى الله عليه وآله وسلم – **(نوسەر)**.

٥٥. **وتنی** (تقبل الله منا ومنكم) **لە پاش نوێژی جومعە**[19] (السنن : ٥٤).

٥٦. **ماچ كردنی دەست لەدوای نوێژ جومعە** (إصلاح المساجد : ٩٢).

والحمد لله وحده . والصلاة والسلام على من لا نبي بعده .

دمشق ٢٧ / ٢ / ١٣٨٢ **هـ** – محمد ناصر الدين الألباني

---

(*) **شێخ** (مصطفى الغلاييني) **نامیلكەیەكی بەسوودی لەم بارەیەوە هەیە بە ناوی** (البدعة في صلاة الظهر بعد الجمعة) ( **نوسەر** ) .

(19) **دەڵێم : فەرموودەی** " من لقي أخاه عند الانصراف من الجمعة فليقل : تقبل الله منا ومنك فإنها فريضة أديتموها إلى ربكم " [ ضعيف ] **هـ** ، فقد أورده السيوطي في (ذيل الأحاديث الموضوعة : ١١١) : ((وفيه نهشل وهو كذاب)) .

## هەڵەی نوێژ خوێنان لە نوێژی جومعەدا (*)

١ . بڕوابوون بەوەی كە خوێندنی سورەتی (السجدة) و (الإنسان) لە جومعەدا واجبە .

٢ . یەكسەر ئەنجامدانی نوێژی سوننەتی پاش نوێژی جومعە بەبێ ئەوەی لەو نێوانەدا هیچ قسەیەك بكات ، یان لە شوێنەكەی بچێتە شوێنێكی تر .

٣ . وازهێنان لە زۆر صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی جومعەدا .

٤ . وازهێنان لەنوێژی سوننەتی پاش نوێژی جومعە .

٥ . دواكەوتن لە چونە ڕیزی یەكەم بۆ ئەو كەسەی كە زوو هاتووە بۆ مزگەوت .

---

(*) مەرج نیە هەموو ئەو هەڵانەی لێرەدا باسكراون حەرام بن ، و ئەو كەسەی ئەنجامی دەدات پێی تاوانبار ببێت ، بۆ نمونە : زۆر صەڵاواتدان لە ڕۆژی جومعەدا سوننەتە ، ئەگەر كەسێك ئەنجامی بدات ئەوا خێرێكی زۆری بۆ دەنوسرێت ، بەڵام ئەگەر نەیكات گوناهی لە سەر نانوسرێت .

٦ . بڕوابـوونی هەنـدێك خـەڵكی بـەوەی كـە لـە ڕۆژی جومعـەدا كاتژمێرێك هەیە شوومە [20].

٧ . سیواك كردن لەكاتی وتاردا .

٨ . تەوقە كردن لەكاتی وتاردا .

٩ . خوێندنی سورەتی (الإخلاص) هەزار جار لە ڕۆژی جومعەدا .

١٠ . خوێندنی سورەتی (يس) لەشەوی جومعەدا .

١١ . ماچ كردنی دەستەكان لەكاتێكدا وتاربێژ دەڵێت : (الحمد لله).

١٢ . بڕوابوون بەوەی كە ئەگەر چل پیاو ئامادەی جومعە نەبێت ئەوا دروست نیە .

١٣ . ووتنی (أوكما قال) لەلایـەن هەندێك لـە وتاربێژەكانـەوە كاتێـك كە باسی فەرموودەیەكی پێغەمبەری خوا ﷺ دەكەن .

١٤ . ووتنی (صلوا على الحبيب) لەلایەن وتاربێژەوە .

١٥– پشت بەستن و وەستانی وتاربێژ لەسەر شمشێر یان گۆچان .

---

(20) بە پێچەوانەوە لە ڕۆژی جومعەدا كاتژمێرێك هەیە پاڕانەوەی تیادا وەردەگیرێت كە بەشێك لە زانایان بۆچونیان وایە ئەو سەعا تە دەكەوێتە دوای عەسرەوە .

١٦ . **باسکردنی فەرموودەی** (ضعیف) **و**(موضوع) **لەلایەن وتاربێژەوە.**

١٧ . **شۆڕ کردنەوەی جل بۆ خوار قولە پێیەکان لەلایەن وتاربێژەوە** [21] .

١٨ . **ڕیش تاشین لەلایەن وتاربێژەوە .**

١٩ . **وتنی** (وحدوا الله) **یان** (اذکروا الله) **لەلایەن وتاربێژەوە بۆ خەڵکی.**

٢٠ . **پرسیارکردنی وتاربێژ لەخەڵکی بۆ ئەوەی بەدەنگێکی بەکۆمەڵەوە وەڵامی بدەنەوە : بۆ نمونە دەڵێت :** (من الواحد) **ئەوانیش دەڵێن :** (الله) ، **وە دەڵێت :** (من الرزاق) **ئەوانیش دەڵێن :** (الله) **وە بەم شێوەیە ...**

---

[21] **فەرموودەی (صحیح) هاتووە لە سەر حەرامێتی شۆڕکردنەوەی جل بۆ خوار قولە پێیەکان ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :**" ما أسفل من الكعبين من الإزار ففي النار " **واتە : ئەو شەڕواڵە (یان ئەو پانتۆڵە)ی دەکەوێتە خوار قولە پێکانەوە خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخدا دەبێت .**

٢١ . جیاكردنەوەی دووكەس لە یەكتر [*]، و پێنان بەسەر خەڵك دا .

٢٢ . دانیشتن بە شێوەی (الإحتباء) [٢٢] كاتێك كە وتاربێژ وتار دەخوێنێت لە ڕۆژی جومعەدا .

٢٣ . وازهێنان لە دوعاكردن لە (ساعة الإجابة) [٢٣] لە ڕۆژی جومعەدا .

٢٤ . سووربوون (حرص) لەسەر ئەنجامدانی نوێژی جومعە لەو مزگەوتانەی كە گۆڕیان تێدایە .

٢٥ . تایبەت كردنی ڕۆژی جومعە بەڕۆژوو ، وە شەوەكەشی بە شەونوێژ .

٢٦ . خوێندنی سورەتی (فاتحة) لە ڕۆژی جومعەدا و هەدیەكردنی پاداشتەكەی بۆ پیاوچاكان .

---

[*] واتە : دوو كەس دانیشتبن تۆ بە بێ ئیزن وەرگرتن بچیتە نێوانیانەوە .

[22] بریتیە لە گرتنی هەردوو دەست بە شێوەیەكی بازنەیی ، لە گەڵ دانانی هەردوو پێ ، و نوساندنی هەردوو ڕان بە سینگەوە ، یان نزیك لە سینگ .

[23] ئەو سەعاتەیە كە دوعای تێدا گیرا دەبێت لە ڕۆژی جومعەدا .

٢٧ . قسەكردن لەكاتی وتاردا ئەگەر زیكریش بێت ، یان (آمین) بێت لەسەر دوعاكردن ، وە گوێنەگرتن لە وتاربێژ .

٢٨ . دواكەوتنی زاوا لە نوێژی جومعە و نوێژی (جەماعەت) لەڕۆژانی ژن گواستنەوەدا.

٢٩ . سەلام كردن و وەڵام دانەوەی سەلام ، وتنی : (یرحمك الله) بەو كەسەی كەدەپژمێت ، و وتنی: (أنصت : واتە بێدەنگ بە) ، و زیكركردن بە بەرد ، و تەزبیح [24] ، و پشت كردن لە قیبلە ، ئەمانە لە كاتێكدا كە ئیمام لەوتاردا بێت .

٣٠ . دواكەوتنی هەزاران كەس لە بینەرانی یاری تۆپی پێ لە نوێژی جومعە و نوێژی بە كۆمەڵ [25] .

[24] زیكركردن بە تەسبیح بیدعەیە ، شێخ ئەلبانی دەفەرموێت : (بەسە بۆ خراپیەتی تەسبیح كە دەبێتە هۆی لەناوبردنی سوننەتی پەنجە) . بڕوانە كتێبی (قاموس البدع : ص٦٩٠) (وەرگێڕ) .

[25] ئەگەر یاری تۆپی پێ تەنها ئەم خراپەیەی هەبێت بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤی موسڵمان لێی دوور بكەوێتەوە و نەیكات بە پیشەی خۆی ، ئەگەر هەر حەزی لێ بوو ئەوا با لە خوا بترسێت و ڕەچاوی سنورە شەرعیەكان بكات (وەرگێڕ).

٣١ . (ئـەنجام نـەدان) و دواكـەوتنی پاسـەوانی دەسـەڵاتداران لـە نوێـژی جومعـە بـە جەماعـەت و وەسـتانی ئەوانـە لەبـەردەم دەرگـای مزگەوتەكاندا [*] .

٣٢ . وازهێنـان لـە زوو ڕۆیشـتن بـۆ مزگـەوت ، و خۆشـۆردن ، و خۆ بۆن خۆشكردن ، و سیواك كردن ، بۆ نوێژی جومعە[*].

٣٣ . ئەنجامدانی نوێژی جومعە لەلایەن كەسێكی ترەوە وە جگە لە وتاربێژ .

٣٤ . چاوەڕوانكردنی ئـەو كەسـەی كـە دێتـە مزگەوتـەوە و نوێـژی (تحیة المسجد) ی نەكردووە تاوەكو بانگدەر بانگەكە تەواو دەكات [*].

---

[*] ئـەم كـارە بیدعەیـە ، و یەكـەم جـار مەمالیكـەكان دایـان هێنـا (القول المبین – شیخ مشهور) (وەرگێڕ).

[*] پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی : " هەركەسێك خۆی بشوات لە ڕۆژی جومعەدا ، پاشان لە بەیانیەوە بڕوات و فریای سەرەتای وتار بكەوێت و ئامادەی بێت ، و بە پێ بڕوات و سوار نەبێت ، و نزیك ببێتەوە لە ئیمامەوە ، و گوێ بگرێت و قسە نەكات و خۆی خەریك نەكات ، ئەوا بە هەموو هـەنگاوێك كـە دەینـێ كـرداری سـاڵێكی بـۆ دەنوسـرێت ، پاداشـتی ڕۆژووی ئـەو سـاڵە و شەونوێژەكەی " [رواه أهل السنن ].

[*] (القول المبین : ص٣٦٥) (وەرگێڕ) .

## دوا ووتە

**ئەم باسە بە وتەیەكی بە نرخی (شێخ مشهور) كۆتایی پێ دەهێنین كە دەڵێت :**

(وقد صارت الخطبة في أكثر البلاد الإسلامية ، رسوما تقليدية ، ووظيفة رسمية ، تؤدى بعبارة ، تحفظ من ورقة ، فتلقى على المنبر ، يقوم بها أي رجل !! وفي نظر طلابها ، حرفة ، ينال بها الرزق !! ونسوا – أو تناسوا – أن مقامها هو مقام النبي ﷺ ، ومقام خلفائها ونوابهم) (القول المبين : ٣٦٨).

**واتە : بە ڕاستی وتارخوێندن لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەكاندا ، بووەتە ڕێوڕەسمێكی لاسایی كارانە ، و ئەركێكی ڕەسمی ، بە دەستەواژە دەردەبڕێت و لە كاغەزدا لەبەردەكرێت ، ئەنجا لەسەر مینبەردا دەخوێنرێتەوە ، وەكو گسكدانی مزگەوت هەموو پیاوێك دەتوانێت پێی هەڵبسێت ، وە لە تێڕوانینی خوازیارانی وتارخوێندندا وتارخوێندن پیشەیەكە ڕزقی پێ پەیدا دەكرێت ، وە لە بیریان چووە – یان لە بیریان كردووە – كەوا جێی وتارخوێندن جێگرتنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ و جێگرتنەوەی خەلیفەكانی و هەروەها جێگیرەكانیانە .**

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

وصلى الله على نبينا محمد

وعلى آله وصحبه وسلم